**عبدالستار مجيد قادر**
**وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**

**وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**
**ژمارە** 7462 **لە** 2014/9/16

**پاڵپشت بە ماددەی (3) لە یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ژمارە (6)ی ساڵی (2010) ، بە مەبەستی زیادكردنی بەرهەمی كشتوكاڵی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنێتی و بۆ زیاتر كۆنترۆڵكردنی هاوردەكردنی بنە تۆی جۆراو جۆر ، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەركرد:-**

**ڕێنمایی ژمارە ( 3 )ی ساڵی 2014**

**ڕێنمایی تایبەت بە هاوردەكردنی بنەتۆی سەوزە ودانەوێڵە لە هەرێمی كوردستان- عێراق**

**ماددەی ( 1 )**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەمانەن**

**1-بنەتۆ/ بەشێكە لە ڕووەك كە بەكاردێت بۆ زیادبوون وەك (تۆو، سەرك (درنات ), نەمام براله (فسائل ) ، پیاز ، پەل (عقل) ، گۆپكە ( طعم )**

**2-كۆمپانیا:- بریتیە لەودەزگایەی كە بڕوانامەی دامەزراندنی هەیە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/ب.گ تۆماركردنی كۆمپانیاكان لە هەرێمی كوردستان, كە لە بڕوانامەكەدا ئاماژە بە پسپۆریەكەی درابێت لە بواری كشتوكاڵ.**

**3-بنەتۆی سەوزە:- ئەم ڕێنماییانەی گشت ئەو بنەتۆیانە دەگرێتەوە كەلە ڕووی زانستیەوە وەك سەوزە هەژماردەكرێت بێجگە لە بنەتۆی پەتاتە.**

**ماددەی ( 2 )**

1- دەبێت جۆری بنەتۆیەکە تۆمارو‌پەسەندکراو(معتمد) بێت لەلایەن لێژنەی نیشتمانی عێراقی بۆ تۆمارکردن و پەسەندکردنی جۆرەکانی کشتوکاڵی ، یان بەردەست (متداول) بێت بەمەرجیك پێش وەختە رەزامەندی لایەنی پەیوەنداری پێبێت.

2-گۆڕانکاری بۆ ماوەیی ( تعدیل وراثی) لەسەرنەکرابێت .

3-بەپێی ئاکارەکانی رێکخراوی (INTERNATIONALSEEDTESTINASSOCIATION - ISTA ) بێت

**ماددەی** ( 3 )

1- ئەو کۆمپانیایانەی کە لە هەرێم تۆمارکراون مافی هاوردنیان هەیە و دەبێت مۆڵەتی هاوردەکردنیان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەبێت.

2- ئەو کۆمپانیایانەی کە لە پارێزگاکانی تری عێراقی فیدراڵ تۆمارکراون دەبێت رەزامەندی نوسراوی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی هەبێت کە ئاڕاستەی وەزارەتمان کرابێت.

**ماددەی** ( 4 )

1- هەر داوایەك پێشکەش بکرێت لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە بۆ هاوردە کردن دەبێت لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندار بێت پاشان بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون بۆ وەرگرتنی رەزامەندی کە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی (خزمەتگوزاری کشتوکاڵی) و (بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنان و پەسەند کردنی بنەتۆ)کاری پێویستی بۆ دەکەن .

2-دەبێت بنەتۆیەکە لە کۆمپانیای یان دەزگای بەرهەمهێنەری رەسەنی خۆی هاوردە بکرێت .

**ماددەی** ( 5 )

پێویستە بنەتۆی هاوردەکراو ئەو بەڵگەنامانەی لەگەڵدا بێت :-

1- بڕوانامەی سەرچاوە .

2- بڕوانامەی سەلامەتی تەندروستی رووەك .

3- بڕوانامەی (CERTIFICATE OF CONFORMITY – COC) .

4- بڕوانامەی پشکنین و باوەڕ پێکردنی وڵاتی بەرهەمهێنەر( دەبێت بەرواری پشکنین(6) شەش مانگ تێپەر نەکات لە بەرواری هاتنە ناوەوەی مەرزی پەیوەندیدار ) .

5- دەبێت گشت ئەو بەڵگەنامانە راستاندنی بۆکرابێت لەلایەن بالوێزخانەی عیراقی لە وولاتی پەیوەند.

**ماددەی** ( 6 )

1-دەبێت جۆری عەبوەکان گونجاو بێت لەگەڵ جۆری بنەتۆیەکە بەمەبەستی پاراستنی ڕێژەی زیندوویەتی یان شین بوون لەگەڵ دابین کردنی مەرجی گواستنەوەی پێویستی تایبەت بۆ هەندێك جۆری بنەتۆ .

2-پێویستە ئەم زانیاریانەی خوارەوە لە لێبڵی سەر عەبوەکان تۆمار کرابێت :

2 - 1. ناوی بنەتۆ و جۆرەکەی .

2- 2. بەرواری بەرهەمهێنانی بنەتۆ .

2 - 3. ڕێژەی شین بوون کە نابێت لە 85% کەمتر بێت .

2 - 4. ڕێژەی پاکی (PURITY) کە نابێت لە 97% کەمتربێت .

2- 5. ناوی کۆمپانیاو دەوڵەتی بەرهەمهێنەر .

2- 6. ژمارەی بارکردن (LOT NO .) .

2- 7. ناو وجۆری ئەو مادده کیمیایانەی کە موعامەلەی پێکراوە پێش تەعبئە کردن .

2- 8. کێشی هەر عەبوەیەك یان ژمارەی بنەتۆیەکان .

2- 9. گشت ئەو زانیاریانە دەبێت بە شێوەیەکی روون نوسرابێت بەمەرجێك یەك لەو زمانانەی تێدابێت ( کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ) و بەئاسانی ڕەش نەکرێتەوە ئەو لێبلانە توانای لێ کردنەوەیان یان دەستکاریان نەبێت .

**ماددەی ( 7 )**

1-تەنها لە خالی سنووری(ئیبراهیم خلیل)و(هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەرێم ) رێگە بە هاوردە کردنی بنەتۆ دەدرێت .

2- گواستنەوەی بنەتۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق دەبێت نوسراوی لاری نەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵی ئەو لایەنەی هەبێت کەبۆی دەگوازرێتەوە .

**ماددەی ( 8 )**

1- پاش گەیشتنی بنەتۆیەکە بۆشوێنی مەبەست دەبێت بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرهەمهێنان و پەسەند کردنی بنەتۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان ئاگادار بکرێتەوە بەمەبەستی پشکنین و وردبین کردنی بەڵگەنامەکان و لەکاتی هەبوونی هەر کەم و کورتیەك دەبێت بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێی هاوردە کراوە .

2- ئەوجۆرەبنەتۆیانەی کە بۆ توێژینەوە یان پەسەند کردن هاوردە دەکرێت دەبێت بەبوونی بەڵگەی پێویست و مەرجی تایبەت و بەشێوەی چاودێری کردن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندار ئەنجام بدرێت .

3- پەیوەند بەهاوردە کردنی بنەتۆی گەنم و جۆ ماوەی مانگێك پێش پرۆسەی وەرگرتن لە سایلۆکان رادەگیرێت تا تەواو بوونی پرۆسەکە , هەروەها ساڵانە رێنمایی دەردەکرێت بۆ دیاری کردنی جۆرو بڕی رێگە پێدراو .

4- زانیاریەکانی ماددەی (5) و (6) دەبێت هاوشێوەی یەکبن .

**ماددەی ( 9 )**

کار بەم رێنماییانە دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) .

**عبدالستار مجيد قادر**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە** 8507 **لە** 2014/10/28

## رێنمایی ژمارە ( 5 )ی ساڵی 2014

### رێنمایی تایبەت بە جێبەجی کردنی یاسای ژمارە ( 1 ) ی ساڵی ( 2008 )
### یاسای رێکخستنی مافی دەسکاری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی حەوتەم لە یاسای رێکخستنی مافی دەسکاری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (2008) بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنمایە :-

**ماددەی یەکەم :**

نیاز لەو دەستەواژانەی دادێت بۆ مەبەستی ئەو رێنماییە ئەو مانایانەیە کە بەرامبەریان روون کراوەتەوە:

1- وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

2- وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.